وەزیری جەنگی ئەمریکا: ئامادەین هەرچییەك ترەمپ داوایبكات جێبەجێیبكەین

پیت هێگسێت وەزیری جەنگی ئەمریکا ڕایگەیاند، ئێران هەمو بژاردەكانی لەبەردەستدایە بۆ ئەنجامدانی ڕێككەوتن، "هێزەكانی ئێمەش ئامادەن بۆ هەر چیەك كە ترەمپ بڵیاری لەسەربدات".

پیت هێگسێت لەو لێدوانەكدا كە لە میانی دیدارێكی لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ سەرۆكی ئەمریكا لە كۆشكی سپی پێشكەشی كرد ڕایگەیاند، ئێران لەبەردەم بژاردەی ڕێككەوتندایە، ئێمەش ئامادەین هەرچییەك ترەمپ داوایبكات جێبەجێیبكەین.

ئاماژەی بەوەشكردوە، ئەمریكا "ئامادە دەبێت بۆ جێبەجێكردنی هەر شتێك سەرۆك ترەمپ داوای بكات سەبارەت بە ئێران، ئامادەیی واشنتنی بۆ گرتنەبەری هەنگاوی سیاسی یان سەربازی بەپێی ڕێنماییەكانی سەرۆك دوپاتكردەوە.

وەزیری جەنگی ئەمریكا ئاشكراشیكردوە، "هێزەكانی ئەمریكا ئامادەن بۆ ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر ئێران، كاتێكیش سەرۆك ترەمپ بە ئێرانی وت كە خاوەنی چەكی ئەتۆمی نابێت، مەبەستی ئەوە بو كە نابێت چەكی ئەتۆمی هەبێت و قسەكە ڕونە".